حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# مافی مرۆڤ

## بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی

**دانـــــان**

عەبدوڵڵا محەممەد ئەمین

رەحیم سلێمان ئیسماعیل　　ئەمەل جەلال محەممەد

کەمال ئەحمەد بەکر　　عوسمان محەممەد هەورامی

**پێداچوونەوەی زانستی**

یوسف عوسمان حەمەد

چاپی دەیەم　　٢٠١٦ زایینی　٢٧١٦ کوردی　١٤٣٧ کۆچی

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** یوسف عوسمان حەمەد

**سەرپەرشتی هونەری و چاپ:** عوسمان پیرداود گواز - خالد سليم محمود

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك:** ئاری محسن احمد

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری:** شیماءیاسین

**وێنەکێشانی:** ڕێبوار کمال

## مامۆستایانی هێژا:

خوێندنی مافەکانی مرۆڤ، هەر بۆ فێربوونی مافەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو فێربوونە لەپێناو مافی مرۆڤدا..

- فێربوونی یاسای نێودەوڵەتی، یان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، فێرکردنی خەڵك، وەك ئازار وئەشکەنجەو جینۆساید..هتد. فێربوونە لە پێناو ماف مرۆڤدا.
- فێرکردنی خەڵك دەربارەی چۆنیەتی ڕێزگرتن وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ، فێربوونە لەپێناو مافی مرۆڤدا.
- مافی مرۆڤ پەیوەندیی هەیە بە یارمەتیدانی کەسانی ترەوە کە گەشە بەتواناو لێهاتووییان بدەن تا ئەو ڕادەیەی دەتوانن لە گشت مافەکانی مرۆڤ بگەن، هەست بە بایەخ وگرنگیی ئەو مافانە بکەن و ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێویست بزانن.

## مامۆستایانی خۆشەویست:

ئەو چالاکییانەی لەم پرۆگرامەدا هاتوون، ئامانجیان ئەوەیە قوتابی فێری هەندێك کارامەیی و زانیاری و هەڵوێستی پێویست بکەن لەپێناو جیهانێکی وادا کە دوور بێت لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بواری فێربووندا، کە بریتین لە هاوبەشیکردن وکار لەیەککردن، زۆربەی زانایانی پەروەردەیی بواری فێربوونی مافەکانی مرۆڤ، شێوازی بەشدارییەکی کاریگەریی قوتابی لە کردەی فێربووندا بە پەسەند دەزانن، نەك شێوازی لەبەرکردن بەبێ تێگەیشتن.

## مامۆستایانی هێژا:

دەتوانن بۆ هەربابەتێك، بەپێی ئەو پرۆگرامی بەشداریکردنە، زۆر چالاکیی دی کە بوار دەدەنە قوتابی، بەشداری پێبکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی لەسەرەوە دیاریکراون، بەجۆرێك کە قوتابییان لە ڕەفتاریاندا هەڵوێستی ئیجابیان بۆ مافی مرۆڤ هەبێت، بۆ نموونە:

(هاوکاری و لەیەکگەیشتن، زمانی گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکان، لە شەڕو ململانێ بە چاکتر بزانن).

## مامۆستایانی بەڕێز:

باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە بەکردەوە مافی مرۆڤ لە ژینگەی ناو قوتابخانەدا لەلایەن مامۆستایانو قوتابییانەوە پەیڕەو بکرێت، دیارە ئەو پەیڕەویکردنە بەکردەوە لەژیانی قوتابخانەدا (چەمکەکانی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی ڕاستەقینەو ڕێزگرتنی مرۆڤ) لە بواری پەیوەندیی نێوان قوتابیو مامۆستا، قوتابیو قوتابییەکانی هاوەڵیدا بەکردەوە پەیڕەو بکرێت، شێوازێکی سەرکەوتووە لە فێرکردنی مافی مرۆڤدا..

بەداخەوە لە هەندێك قوتابخانەدا مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو ناکرێن، بۆ نموونە،کاتێك مامۆستایان جیاوازی لە نێوان قوتابییاندا دەکەن، یان هەندێك قوتابی ڕەفتاری ناشیرین لەگەڵ قوتابییانی دیکەدا دەکات، بۆ سەرکەوتنی وتنەوەی بەرنامەی مافی مرۆڤ زۆر پێویستە ئەو جۆرە بارودۆخە وەلا بنرێت، لە ژینگەی قوتابخانەدا بەتەواوی مافی مرۆڤ پەیڕەو بکرێت..

دەبێت مامۆستایانو قوتابییان ڕاو بۆچوونی جیاواز پەسەند بکەنو نابێت مامۆستایان ڕای خۆیان بسەپێنن لەو بابەتانەدا کە ڕای جیاوازیان لەسەر هەیە..

لەکۆتاییدا دەمانەوێ بڵێین هەموو هەنگاوێکی پەروەردەو فێرکردن پێویستی بەهەڵسەنگاندنی زانستییانە هەیە، لەلایەن هەموو مامۆستایانەوە، تا بتوانن لایەنی باشو لاواز دیاری بکەنو هەنگاوی چاك پێشنیاز بکەن بۆ چارەسەری لایەنی نێگەتیڤ..

بۆیە داوا لە هەمووان دەکەین لای خۆیانەوە پرۆگرامەکە هەڵبسەنگێننو بە وردی چاکسازیی تیا بکەن..

لەگەڵ ڕێزماندا..

دانەران

# مافەکانتان

کۆرپە جگەر گۆشەکان
سەراپا ئێسکسووك و
چاوگەشە دەنگخۆشەکان
یاخوا هەر خاوەن مافبن
هەمیشە نەوبەهارو
فریشتەی دەروونسافبن،
ئەم گەردوونە فراوانە
هەر بەئێوەوە جوانە
دڵنیابن، دڵنیا
سەرانسەر هەموو دنیا
بۆ مافتان تێئەکۆشن
وەك خۆتان بەپەرۆشن...

عوسمان محەممەد هەورامی

# مــرۆڤ



گۆی زەوی

## چالاکیی یەکەم:

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١-جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤو گیانەوەرەکانی تر چییە ؟

| گیانەوەر | مرۆڤ |
| --- | --- |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

٢–جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤ و ڕووەك چییە ؟

| ڕووەك | مرۆڤ |
| --- | --- |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، واتە بە تەنها ناتوانێت بژی، خاوەنی سۆزو خۆشەویستییو ژیرییو ویژدانە، توانیویەتی زەوی ئاوەدان بکاتەوەو هەموو گیانەوەرو ڕووەكو سامانی گۆی زەوی بۆ خزمەتو بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی بەکاربهێنێت.

هەموو دروستکراوو دامەزراوەکانی زەوی داهێنانی بیرو دەستو پەنجەی مرۆڤن، ڕۆژانە گۆڕانکارییو داهێنانی نوێ دادەهێنێت.

هەموو مرۆڤەکان بە ژن و پیاوو منداڵەوە، مرۆڤایەتی پێك دەهێننو هەموو لە شکۆمەندییو مافدا یەکسانن.

مرۆڤ بە تەنیاو بەبێ بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناژی.

ئەم وێنانەی خوارەوە یەکێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پیشان دەدات.

## شێوازی دیدەنیکردنی نەخۆش:

(قوتابییەکان سەردانی هاورێکەیان دەکەن لە نەخۆشخانە)



(١)



(٢)



(٣)

## ڕاهێنان

- بەڕای تۆ، ئایا پێویستە دیدەنیی نەخۆش بکەین؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

- چـی هـانی قوتابییـەکانی دا بچـن بـۆ سـەردانی هاوڕێکـەیان لـە نەخۆشخانە؟

..........................................................

- ئایا بەشداریت کردووە لە چالاکیی لەم شێوەیە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

- کاتێك نەخۆشبیت.. حەز دەکەیت هاوڕێکانت سەرت لـێ بدەن؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

بۆچی؟

.................................

.................................

- ئایا حەز دەکەیت بە تەنها بژیت؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

بۆچی؟

.................................

.................................

- ئایا دەکرێت هەندێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تر باس بکەیت؟

......................................................

......................................................

سـەیری رووخسـاری ئـەم وێنانـە بکـە، بـە ڕای تـۆ چـی پیشـان دەدەن ؟ بیاننووسە.



(١) ..........................





(٢) ..................

(٣) ..................

# پەیوەستبوون (ئینتیمابوون)



زاناو شارا لە ............



زاناو شارا لە ...............



زاناو شارا لە ...............



زاناو شارا لە ...............

## ئەم ڕستانە تەواو بکە:

١. مـــن لـــە خێزانێکـــدا دەژیـــم کـــە پێکهـــاتووە لـــە ..................و ......................و ......................و ........................ .

مـــن لەگـــەڵ ئەنـــدامانی خێزانەکـــەم............................، مـــن بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەم گیانی.....................هەیە.

٢. من لە شاری (شارۆچکەی) .................... گەڕەکی ............ کۆڵانی ژمارە................ دا دەژیم.

٣. وڵاتەکەم ناوی..........................

هەرکەسێك سەر بە خێزانێکە، هەموو خێزانەکانیش سەر بە کۆمەڵێکن، کۆمەڵیش سەر بە نەتەوەیەکە، کە لەسەر نیشتمانێك دەژین، کەواتە هەموو کەسێك سۆزو خۆشەویستی بۆ خێزانو کۆمەڵو نەتەوەو نیشتمانەکەی هەیە، چەندە هاوکاریو خۆشەویستیو پەیوەندی لە نێوانیـــاندا هەبێت، هێندە ژیانی کۆمەڵەکەیان گەشە دەکات.

# پێداویستییه ماددیو مەعنەوییەکانی مرۆڤ

مرۆڤ گەلێك پێداویستی ماددی هەیە، وەك خۆراكو پۆشاكو شوێنی حەوانەوە، هەروەها پێویستی مەعنەوییش هەیە، وەك ئازادیو سەربەستیو هەستکردن بە دڵنیاییو ئاساییش..







## چالاكی:

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

- پێداویستییە سەرەكییەكانی مرۆڤ دیاری بكە.

............................................................

............................................................

............................................................

- چیمان پێویستە بۆ ئەوەی لەژیاندا بەردەوام بین‌و وەك مـرۆڤ بژین؟

............................................................

............................................................

............................................................

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەكەتدا بینووسەرەوە:

| |
|---|
| مرۆڤ گـەلێك پێداویسـتیی هەیـە.. وەك ئـاوی خـاوێن، خـۆراكی بـاش‌و پۆشاك‌و شوێنی حەوانەوە، هەروەها زۆر پێویستی بەهێمنی و ئاسایش‌و خۆشەویسـتی‌و ڕێزگـرتن‌و هێنانـەدی خـودو فێربـوونی زانیـاری‌و..هتـد هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئارەزوو و حەزی خـۆی هەیـە كـە لـە زۆر شـتدا لەیەكتر جیاوازن، هەموو مرۆڤێك ڕێزو شـكۆمەندیی هەیـە، بۆیـە دەبێـت مرۆڤەكان بە ئاشتی‌و برایەتی بژین‌و ڕێزی یەكتر بگرن. |

## (نەتەوە، ڕەگەز، ئایین، ڕەنگ، جیاوازییە جەستەییەکان)
## نابنە هۆی جیاوازی لەنێوان مرۆڤدا



نەخشەی جیهان

له یەکەم رۆژی کردنەوەی قوتابخانەدا، باوكو دایکی قوتابییەك بە خۆشییەکی زۆرەوە منداڵەکەیان گەیاندە قوتابخانە، پاش تەواوبوونی یەکەم رۆژی خوێندن منداڵەکەیان بە خۆشیی گەڕایەوە ماڵەوە، باوکی پرسی: قوتابخانە چۆن بوو؟

منداڵەکە وتی: قوتابخانە زۆر خۆش بوو، ئەمڕۆ لە کاتی پشوودا هاوڕێیەکم ناسیو پێکەوە زۆر یاریمان کرد.

باوکی خێرا پێی وت: سپی پێستە یان رەش پێست؟

منداڵەکە وتی: نازانم، چونکە لای من رەنگی گرنگ نەبوو.. سبەینێ وەڵامت دەدەمەوە.

## راهێنان

١–ئایا جیاوازیی لە رەنگدا جیاوازیی لە مافدا دەخاتەوە؟

٢–ئایا هەڵبژاردنی هاوڕێ پەیوەندیی بە رەنگی پێستەوە هەیە؟

٣–باوکی منداڵەکە بۆ پرسی لە رەنگی پێستی هاوڕێ نوێیەکەی؟

٤–ئایا ئەو پرسیارە رەوایە؟

## چالاكی:

قوتابییەك لە پێشەوە دەوەستێت، نابێت ئەوانەی پشت خۆی ببینێت (چاوی دەبەستێتەوە) چەند هەنگاوێك دێتە پێشەوە.. قوتابییەكانی پۆلەكە، كە لەدوایەوە ڕیز بوون، جێگۆڕكێ دەكەن‌و بە ڕیز دەوەستن، یەكێك لەدواوە لە قوتابییە پێشەنگەكە دەپرسێت: كێ لە دواتەوە وەستاوە؟

پێشەنگەكە: كوڕە، یان كچە؟

قوتابییەك:كچە..

پێشەنگەكە: كورتە، یان درێژە ؟

قوتابییەكی تر: درێژە..

پێشەنگەكە: ئەسمەرە، یان گەنم ڕەنگە، یان قژ زەردە؟.. قوتابییەك بە یەك وشە وەڵامی پێشەنگەكە دەداتەوە.

ئەگەر ناسییەوە بەردەوام دەبێت، ئەگەر نەیناسییەوە نۆرە دێتە سەر قوتابییەكی تر.

ئەم چالاكییە بەردەوام دەبێت تا هەموو قوتابییەكان دەگرێتەوەو بۆ قوتابییان ڕوون دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەی لە شێوەدا جیاوازن بەڵام لە مافدا یەكسانن، مافەكان لەوەوە دەست پێ دەكەن كە كەسانی جیاواز مافی چوونیەكیان هەیە..

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەكەتدا بینووسەرەوە:

| |
|---|
| **لەگەڵ بوونی هەموو جیاوازییەكدا، هەمووان مافی یەكسانمان هەیە** |

# مرۆڤەکان خاوەنی بیروڕای جیاوازن

## چالاکی:

قوتابییانی خۆشەویست، ڕای خۆتان سەبارەت بە هەردوو تیپی (    )و (    ) لە لیستێکدا بنووسن:

تیمی (أ): ..........................................................................................

..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................

تیمی (ب): ..........................................................................................

..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................
..........................................................................................

- را جیاوازو چونیەکەکان بەراورد بکە.

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

| |
|---|
| هەریەکەمان رای جیاوازو چونیەکمان هەیە، ئێمە لە بیرکردنەوەو لێکدانەوەدا لێك جیاوازین.. |

# مرۆڤەکان ئایینی جیاوازیان هەیە

سەیری ئەم وێنانە بکەو لەژێر هەر وێنەیەکدا ناوی ئەو پەرستگەیە بنووسەو هی چ ئایینێکە دیاری بکە.



.......... پەرستگەی .........



.......... پەرستگەی .........



.......... پەرستگەی .........



.......... پەرستگەی .........

## چالاکی:

بە کورتی باسی سەردانێك، یان گەشتێك بنووسە کە بیستووتە، یان خوێندووتەتەوە، کەسێك کردبێتی بۆ وڵاتێك، کە لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ کۆمەڵی ئێمەدا جیاوازە.

## ڕاهێنان

ئەم ڕستانە تەواو بکە:

- وڵاتەکەم ناوی ......................
نەتەوەی ...................... و ...................
...................... و .................. و
...................... تێدا دەژین.
- گەلەکەم پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام و...................
و.................. تێدایەو هەمووان بە برایەتی دەژین.
- من بڕوام وایە مرۆڤ نێر بێت یان مێ دەبێت لە ماف و ئەرکدا.............. بن.

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

> هەموو مرۆڤێك بەبێ هیچ جیاوازییەك، وەك جیاوازیی نەتەوەو ڕەنگ و ئایین و بیروڕای سیاسی و ئاستی هەژاریی و دەوڵەمەندی، بەئازادی لەدایك دەبن و لەنرخ و پایەو مافدا یەکسانن.

# مرۆڤ مافی هەیە، ئەرکیشی لەسەر شانە

## چالاکی (١)

بە کۆمەڵ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- ئەو ئەرکانە چین لەپۆلدا، کە دەبنە هۆی پاکو خاوێنی پۆلەکەت.

٢- هەڵوێستت چۆن دەبێت کاتێك دەبینی کەسێك پۆلەکەت پیس دەکات؟

با نوێنەری گروپەکەت راکانتان بۆ گروپەکانی دی بخوێنێتەوە.

## ئەرکی ماڵەوە:

بە هاوکاری ئەندامانی خێزانەکەت لیستێك بۆ ئەرکو مافەکانی ماڵەوەو قوتابخانە ئامادە بکە:

| ئەرك | مـــاف |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

ئـەرکو مافـەکان لەسـەر پارچـە کارتۆنێـك تۆمـار دەکـرێنو دەبێـت لـە لایـەن قوتابییانەوە پەیرەو بکرێن.

# مافی ژیـــــان



وێنەی هەڵەبجە پێش کیمیا باران



وێنەی هەڵەبجە پاش کیمیا باران

پاش ئەوەی باسی کارەساتی هەڵەبجەت لە مامۆستا بیست، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

- شاری هەڵەبجە سەر بە چ وڵاتێکە؟
- ساڵی ١٩٨٨ کێ حوکمڕانیی عێراقی دەکرد؟
- ئایا دەزانی ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەڵەبجەدا بە کیمیاییباران شەهید بوون چەندە؟
- بۆچی ئەو گازە کوشندەیە کرا بەسەر هەڵەبجەدا؟ ئایا بە پێی یاسای نێو دەوڵەتان ئەو گازبارانە قەدەغەیە؟
- ئایا ئەو کارەساتە پێشێلکاریی بنەماکانی مافی مرۆڤە؟
- لە کارەساتی هەڵەبجەدا چ جۆرە مافێك پێشێل کرا؟

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

| |
|---|
| **هەموو مرۆڤێك مافی ژیانی هەیە، هیچ کەس‌و لایەنێك بۆی نییە ژیان لە کەس زەوت بکات‌و بیخاتە مەترسییەوە.** |

# مافی ژیانێکی دروستم هەیە



**چیرۆک:**

دکتۆر شیلان ــ پسپۆڕی نەخۆشیی ژنانو دکتۆر ئاسۆ ــ پسپۆڕی نەخۆشیی منالآن ــ دکتۆر هاژە ــ پزیشکی بواری گشتی، ئاگادارکرانەوە کە سبەینێ بچن بۆ سەردانی یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی (گەرمیان)..

– دکتۆر هاژە : دوێنێ ئاگادارکراومەتەوە، کە لەو گوندە نەخۆشیی سکچوونو ڕشانەوە بڵاوبۆتەوە.

– دکتۆر ئاسۆ: کەواتە با کاتی ڕۆیشتنەکەمان دیاریی بکەینو دکتۆر (شیلان)یش خۆی ئامادە بکات.

سبەینێ، سەعات (١٠)ی بەیانی:

دکتۆر هاژە سەرۆکی تیمەکە، چوو بۆ سەردانی ماڵی ئەنجومەنی گوند بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتووانو ژینگەی گوندەکەو هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییانەو بڵاوبوونەوەیان.

پاش وەرگرتنی زانیاری، دکتۆر هاژە بڕیاریدا تیمەکەی بە گوێرەی ئەو بەرنامەی بە هاوبەشی دایاننابوو کاربکەن :

– دکتۆر ئاسۆ منداڵانی کۆکردەوەو کەوتە پرسیارکردن لێیان:

- کە نەخۆش دەکەون دەچن بۆ کوێ ؟
- چۆن خۆتان لەنەخۆشی دەپارێزن ؟

– دکتۆر (شیلان) ژنانی کۆکردەوەو سەرەتا دەستی کرد بەناساندنی تیمەکەو ئامانجی سەردانی تیمەکە بۆ ئەو گوندە، بەهەمان شێوە ئەویش کۆمەڵێ پرسیاری لە ژنان کرد.

- لەکاتی نەخۆشیدا دەچن بۆ کوێ ؟
- بنکەی تەندروستی لەکوێ هەیەو چەندێك لەئێوەوە دوورە ؟
- چ جۆرە نەخۆشییەك لەناو ژنانو منداڵاندا بڵاوە ؟
- کێشە تەندرووستییەکان چین؟
- پرۆژەی ئاوی پاك هەیە؟ هەموو ماڵەکانتان ئاوی پاکیان پێ دەگات؟
- دوای ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکان دکتۆر هاژە دانیشتووانی بانگ کرد بۆ قوتابخانەی گوندەکە بۆ پێدانی ڕێنمایی تەندروستیی بە مەبەستی خۆپاراستن لەو نەخۆشییانەی لە گوندەکەدا هەن.

پاش پێدانی چارەسەری پێویست بە نەخۆشەکان سەردانی تیمەکە کۆتایی هاتو نووسراوێکیان ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرد چەند داواکارییەکی تێدا بوو بۆ چارەسەکردنی کێشەی دروستیی گوندەکە.

## داواکارییەکان:

- چاککردنەوەی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوندەکە.
- دروستکردنی ئاودەست بۆ هەر ماڵێك.
- کردنەوەی بنکەی تەندروستی.

## ڕاهێنان

هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە گوندەکان چین؟:

١-

٢-

٣-

٤-

بەڕای ئێوە دانیشتووانی ئەو گوندانە لە چ مافێك بێبەشن؟:

.١

.٢

.٣

.٤

.٥

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

هەموو کەسێك، مافی ژیانو گوزەرانێکی ئارامو گونجاوی هەیە، کە تەندروستیو خۆشگوزەرانیی خۆیو خێزانەکەی دەستەبەر بکات، بە دابینکردنی خۆراكو پۆشاكو شوێنی حەوانەوەی پاكو خاوێنو چاودێریی یەکبینەی پزیشکەوە، پێویستە هەموو کەس لە کاتی نەخۆشیدا، خزمەتگوزاریی پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێتو لە کاتی بێکاریدا، دەوڵەت هەموو ئەو پێداویستییانەی سەرەوەی بە خۆڕایی بۆ دابین بکات.

# مافی پاراستنی جەستەیی‌و دوور بوون لە توندو تیژی





## چالاكی:

دوای ورد بوونەوە لەو سێ وێنەیە..

درامایەك لەسەر توندوتیژی جێبەجێ بكەو پاشان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

- ئایا ناكۆكییەكە لەسەر چیبوو؟
- ئایا ئەو ناكۆكییە چۆن چارەسەر كرا؟
- بە رای ئێوە، چ جۆرە چارەسەرێكی تر هەیە بۆ ئەو ناكۆكییە؟

## ڕاهێنان

نەخشەی ئاشتیو ئاسایشی من:

ئەگەر ناكۆكیم لەگەڵ یەكێكدا هەبوو:

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

______________________________

من ئاشتیخوازم

ئیمزا

ڕۆژ

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەكەتدا بینووسەرەوە:

> دەوڵەت دەبێت منداڵ لە هەموو جۆرە بەد رەفتارییو لێدانو توندوتیژییەك بپارێزێت كە لە لایەن باوانو بەخێوكەرانو هەر لایەنێكی ترەوە رووبدات، پێویستە دەوڵەت بۆ پاراستنی منداڵ هەموو ڕێبازێكی شیاو بگرێتە بەر.

# هەموو کەس بۆی هەیە
# لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانیدا سکاڵا بکات

## شانۆگەری:

لـە یـەکێك لەقوتابخانەکانـدا کۆبوونـەوەی باوکـانو دایکـان ئەنجامـدرا.. دوا برگەی بەرنامەی کۆبوونەوەکـە ئـەوە بـوو کـە بەخێوکـەری منداڵـەکان دەربـارەی رادەی ئاستی منداڵەکانیان پرسیار لە مامۆستایان بکەن:

دایکێك چووە بەردەمی یەکەم مامۆستاو وتی:

کوڕەکەی من ئاستی چۆنە؟

مامۆستا وتی: ناوی چییەو لە پۆلی چەندە؟

دایك وتی: ناوی... و لە پۆلی پێنجەمە.

مامۆستا وتی: من ئینگلیزییان پێ دەڵێم.. هەر زۆر خراپـە، بـا لـە ئێسـتاوە پێـت بڵێم ئەگەر وا بێت ئەمساڵ دەرناچێ!..

پاشـان دایکەکـە چـووە بـەردەم مامۆسـتای زمـانی عـەرەبیو هـەمان پرسـیاری دەربارەی کوڕەکەی کرد..

مامۆستاکە وتی: من بێ پێچو پەنا پێت دەڵێم.. کوڕەکـەت بـە کـەڵکی قوتابخانـە نایەت، زۆر لاوازە! بیبە دەرەوە با فێری ئیشێك ببێت..

بەم جۆرە هەرکەسەیان دەربارەی منداڵەکـەی پرسـی بکردایـە.. ئەگـەر باشـبوایە ئەوا پیایانـدا هەڵـدەداو سوپاسـیان دەکـرد، ئەوانەشـیان کـە رادەی پێشـکەوتنی منداڵەکانیان باش نەبوو.. ئەوا بە ئاشکرا لەسەر منداڵەکان قسەیان دەکردو تانەو توانجو تەشەریان تێ دەگرتن.. زۆرجاریش لە ئەنجامی ئـەو قسـەکردنەدا سـاردی دەکەوتە نێـوان قوتابخانـەو ماڵـەوە.. دیـارە مەبەسـت لـە کۆبوونـەوەی باوکـانو مامۆستایان باشکردنی پەیوەندیی ماڵو قوتابخانەیە!..



یەك دوو رۆژ دوای کۆبوونەوەکە.. قوتابییەکانی پۆلی پێنجەم، بەوانەشەوە کە لە وانەکانیاندا باشبوون سکالانامەیەکیان نووسیو چوونە لای بەڕێوەبەرەکەیان..

یەکێکیان کە بە نوێنەری هەموویان هەڵبژێردرابوو، روویکردە بەڕێوەبەرو وتی: مامۆستا تۆ هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندندا.. لە یەکەم رۆژی کردنەوەی قوتابخانەدا ریزت کردینو چەندین ئامۆژگاریی بەسوودو بەکەڵکت کردینو لە قسەکانتدا وتت:

قوتابییە خۆشەویستەکان، ئێمە لە قوتابخانە ئێوە وەك کوڕو کچی خۆمان سەیر دەکەین.. ئێمە ئێوەمان وەك منداڵەکانی خۆمان خۆش دەوێ، ئێمە رێزتان دەگرین.. ئێوەش دەبێت رێزی هاوڕێکانتانو کەسانی تر بگرن! هەر لە قسەکانتدا وتت:

من یەك داواکاریم هەیە لە ئێوە.. ئەویش ئەوەیە هەر گلەییەکتان لە من، یان لە هەر مامۆستایەك هەبوو، وەرنە لامو بە ئاشکراو راشکاوانە پێم بڵێن..

مامۆستا، وا ئێستا ئێمە هاتووینو هەر هەموومان گلەییمان لە هەندێ مامۆستای

وانەکانمان هەیەو لەم سکاڵانامەیەدا روونمان کردۆتـەوە کـە گلەییـەکانمان لەسـەر چین. ئەگەر دەڵێیت با بۆت بخوێنمەوە.. بەڕێوەبەر وتی: فەرموو بیخوێنەرەوە:

قوتابییەکە:

مامۆستا لە کۆبوونەوەی باوکانو مامۆستایاندا.. کە کەسوکارمان هاتوونو ئامادە بوون، دەربارەی رادەی ئاستی ئێمە پرسیاریان لە مامۆستاکان کردووە، هەندێ لە قوتابییەکان لە وانەکانیاندا باش نەبوون، مامۆستاکانمان لـە لای کەسـوکارمان گەلێك سەرزەنشتیان کردووینو بە بەرچاوی ئەو گشت خەڵکەوە بە لاوازو دەبەنگ ناویان بردووین!

مامۆستا، بـاوکی نـەریمان کـە نەخوێنـدەوارە ئـەوە دوو رۆژە زۆر لـە نـەریمان دەکات کە واز لە قوتابخانە بێنێو نەخوێنێ، چـونکە مامۆسـتا بـە بەرچـاوی ئـەو خەڵکەوە بە کوڕەکەی وتووە کوڕەکەی لاوازەو بە کەڵکی قوتابخانە نایەت.. چاك وایە واز لە قوتابخانە بێنێو فێری کارێك ببێت..

مامۆستا، ئێوە دەڵێن قوتابی هەموو جۆرە مافێکی هەیەو نابێت مـافی پێشـێل بکرێت!

لەبەرئـەوە هـەر هـەموومان داواکـارین کـە نابێـت بـە هـیچ جۆرێـك مامۆسـتا بمانشـکێنێو کەسـێتیمان بریـندار بکـات.. داواکـارین کـە کۆبوونـەوەی باوکـانو مامۆسـتایان بـە مەبەسـتی شـکاندنی ئێمـە سـاز نـەکرێت.. پێویسـتە رێـز لـە مافەکانمان بگیرێت..

بەڕێوەبـەر وتـی: مـن زۆر سوپاسـی ئێـوە دەکـەم. زۆرم پێخۆشـە ئـاوا بـە راشکاوانە لەسەر مافی خۆتان سکاڵا دەکەن.. ئومێدەوارم ببنە نموونـە بـۆ هـەموو قوتابییانی کوردستان. من بەڵێنتان دەدەمێ کە ئەو جۆرە دیاردە ناپەروەردەییە جارێکی تر لەم قوتابخانەیەدا دوبارە نەبێتەوە، سوپاس بۆ ئێوە، فەرموون بچـنە پۆلەوەو خواتان لەگەڵ..





لەوانەی کۆتاییدا بەڕێوەبەر کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مامۆستایاندا سازکردو بە بەڵگەی پەروەردەییو زانستییانە ئەو دیاردە دزێوەو چەندین دیاردەی

دزێوی ناپەروەردەییانەی تری وای بۆ مامۆستایان شی کردەوەو دەرەنجام هەموو بڕیاریان دا دیاردەی دزێوی لەو بابەتانە لە قوتابخانەکەیاندا روو نەدات..

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینوسەرەوە:

سکاڵا دەبێت راشکاوانەو ئاشکرا بێت، هەموو منداڵێك مافی خۆیەتی ئەگەر مافەکانی پێشێل کرا سکاڵا بکات بە بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە رووشکێن بکرێت.

# مافی وەرزشکردنو چالاکیی هونەریم هەیە





هەموو منداڵێك مافی حەوانەوەو بەشداریكردنی چالاكیی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیریی هەیە.

بۆ ئەوەش دەبێت لە هەموو گەڕەكێكو سەرجەم قوتابخانەو سەیرانگاكاندا یاریگەو باخچەو شوێنی حەوانەوە دروست بكرێت.

## چالاکی

- بەرای تۆ، بوونی هۆڵی وێنەکێشان لەقوتابخانەدا پێویستە ؟
- قوتابخانەکەت ئەو هۆڵەی تێدایە ؟ بۆچی بەکار دەهێنرێت؟
- ئایا هۆڵی شانۆ لە قوتابخانەدا پێویستە؟ بۆچی؟
- ئایا یاریگەو کەلوپەلو پێداویستی وەرزشیتان هەیە؟

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

هەموو قوتابییەك مافی خۆیەتی بەشداری لە چالاکیی وەرزشی و هونەری و چالاکییەکانی دیکەی دەرەوەی پۆل لە قوتابخانەدا بکات.

لەبەرئەوە پێویستە شوێنی گونجاو بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە قوتابخانەدا دابین بکرێت تا مامۆستا بتوانێت وەك یەك بەشداریی بە قوتابیان بکات لە چالاکییەکاندا.

# مافی خۆمە لە ژینگەیەکی خاوێندا بژیم

حەز دەکەیت گەڕەکەکەت لە کام لەم دوو وێنەیە بچێت؟





## چیرۆك:

ئازادو لەنجەو کوردە، سێ هاورێن، خەڵکی گوندێکن لە بناری کۆمەڵە شاخێکی جواندا.. ئەم سێ قوتابییە ئەندامی گرووپی ژینگە پارێزن لە قوتابخانەی گوندەکەیاندا.

زۆر جار بۆ یاری دەچنە دارستانی پەنای گوندەکەیان..

ڕۆژێکیان لەنجە لالە هەسەنی بینی لەسەرکانیی ناو دارستانەکە داوی دەنایەوە..

لەنجە لە لالۆ هەسەن چووە پێشەوەو لێی پرسی:

لالۆ، ئەم داوانە بۆچی دەنێیتەوە..؟

لالۆ هەسەن بە توورەییەوە وتی: لێرە چی دەکەیت ؟ برۆ لاچۆ.

لەنجە هاتەوە لای هاورێکانیو بۆی گێڕانەوە.. هەموو وتیان: ئەو تەقەیەی ئەو رۆژە گوێمان لێبوو لالۆ هەسەن بووە، هەر ئەو بووە..

هەرسێ هاورێ بڕیاریاندا ڕاوەکەی لێ تێکبدەن.. هەموو رۆژێك لە کانییەکە نزیك دەبوونەوەو بەگۆرانیو دەنگە دەنگ نەیان دەهێشت کەوو چۆلەکە بچنە سەر ئاوەکەو ئێوارە دەگەڕانەوە، ڕۆژێکیان لەکاتی گەڕانەوەدا، کوردە کۆترێکی بریندارى دی کە نەیدەتوانی بفڕێت.. کۆترەکەی گرت، سەیری کرد باڵی شکابوو..



برینەکەیان پاك کردەوەو بە بنێشتە تاڵی دارەبەن تیماریان کردو هێنایانەوە بۆ ماڵەوە، لە قەفەزێکدا هێلانەیەکی نەرمیان بۆ کرد، دوای ئەوەی دووهەفتە خزمەتیان کرد چاك بووەوە.

پاشان هەر سێ هاورێکە بڕیاریان دا کۆترەکە......

(با هەر کەسە خۆی چیرۆکەکە تەواو بکات).

## چالاکی:

- کوردەو هاورێکانی لە چ گروپێکی قوتابخانەکەیاندا بەشداربوون ؟
- ئایا ڕات چییە بەرامبەر لالە هەسەن، کە زۆر جار ڕاوی باڵندەی دەکرد؟
- دەتەوێت چی بە لالۆ هەسەن بڵێیت؟
- ئازادو هاورێکانی هەڵوێستیان بەرامبەر ڕاو چۆنە؟
- ئایا لە مانگی ئاداردا، لە هەڵمەتی نەمام ڕواندندا بەشداریت کردووە؟

## ئەرکی ماڵەوە:

لە ماڵەوە بە هاوکاریی دایكو باوکت وەڵامی ئەم پرسیارانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە:

٢- گرنگیی ژینگە چییە؟ ئەرکی هەمووومان بۆ پاراستنی چییە؟

٢- چۆنو بە چ شێوەیەك ژینگەی گەڕەکەکەتو قوتابخانەکەتو شارەکەت بە پاکی دەپارێزیت؟

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

| |
|---|
| هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی لە ژینگەیەکی پاك و خاوێندا بژی و بەرپرسە لە پاراستنی و هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە ژینگەکەی پیس بکات. |

# مرۆڤەکان دەبێت ئازادانە بیروڕای خۆی دەرببڕێت

## چالاکی:

مامۆستا:

قوتابی خۆشەویست، هەریەکە پارچە کاغەزێك ئامادە بکەن‌و رای خۆتان دەربارەی شێوازو هەڵسوکەوتم لەگەڵتاندا بنووسن، بە مەرجێك هیچ کەس ناوی خۆی نەنووسێت.

## ئەرکی ماڵەوە:

بە هاوکاری باوك‌و دایکت، چیرۆکێکی کورت سەبارەت بە یەکێك لەم دوو بابەتە بنووسە:

١- ئازادی را دەربڕین.

٢- پێشێلکردنی را دەربڕین.

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

> هەموو مرۆڤێك مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕینی هەیە، واتە ئازادە لە راو بۆچوونیدا، هەروەها مافی ئەوەی هەیە بیروڕای خۆی بە ئازادیی بڵاوبکاتەوە.

# مافی کارنەکردن تاکو تەمەنێکی دیاریکراو



کاردەکات، بۆیە لە مافی خوێندن بێبەشە..



لەبەر هەژاری کاردەکات، بۆیە لە مافی خوێندن بێبەشە..

## چالاکی:

- ڕات چییە بەرامبەر بەم دوو وێنەیە ؟
- بەڕای تۆ، بۆ ئەم منداڵە کار دەکات ؟
- ئایا دەبێت منداڵ لەو تەمەنەدا کار بکات؟
- کێ بەرپرسە لە دابینکردنی ژیانو گوزەرانی گونجاو بۆ منداڵ؟
- چی بکرێت بۆ ئەوەی کارکردنی منداڵان قەدەغە بکرێت؟

ئەم دەقانە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بیاننووسەرەوە:

هەموو منالێك مافی ئەوەی هەیە ژیانو گوزەرانێکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، هەروەها مافی خۆیەتی تا تەمەنێکی دیاریکراو کارنەکات.
منداڵ مافی خۆیەتی لە چەوساندنەوەی ئابووری بپارێزرێت، هەروەها نابێت کارێك بکات کە ببێتە ڕێگرو کۆسپ لەبەردەم فێربوونیدا، یا زیان بە تەندروستیی و گەشەی جەستەیی و ژیریی بگەیەنێت.

# چیرۆکی نڤـــــــار

نڤار: قوتابییەکی زیرەکی پۆلی پێنجەمە، هەموو ساڵێك بە یەکەم دەرچووە، ئـەم قوتابییە بە زگماك چـاوێکی نییـە، رۆژێـك هاورێکـانی لێیـان پرسـی: نڤـار تـۆ کـە چاوێکت نییە چۆن ئەوەندە زیرەکی؟

نڤار لە وەڵامدا وتی: هاورێکانم، توانستی مرۆڤ زۆر لە چاوو دەسـت گـەورە تـرە.. بۆیە لە دەستدانی ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەش لە توانای بیرو هۆشی مرۆڤ کـەم ناکاتـەوە، نابێـت هـیچ کەسـێکی کەمئەنـدام بـەزەیی بـە خۆیـدا بێـتو شـەرم لـە کەمئەندامبوونی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت شەرم لە بێ توانایی بەرامبەر بە ژیانو ئەرکەکان بکەین.

پاشان هاورێکانی زۆر سوپاسی تواناو رێنماییەکانی نڤاریان کرد..

## راهێنـان

١–ئایا ژیریی مرۆڤ پەیوەندیی بە کەمئەندامبوونەوە هەیە؟

٢–ئایا مرۆڤی کەمئەندام هەمان ماف مرۆڤی ئاسایی هەیە؟

٣–هەڵوێستت بەرامبەر مرۆڤی کەمئەندام چۆنە؟

ئەم دەقە بخوێنەرەوەو جارێك لە دەفتەرەکەتدا بینووسەرەوە:

توانای هۆشو ژیریی مرۆڤ پەیوەست نییە بە کەمئەندامبوونیەوە، کەمئەندامان هەمان ماف مرۆڤی ئاساییان هەیە.

# مافی خوێندن

لــه وانــه‌ی چــواره‌مدا مامۆســتا بــه قوتابییــه‌كانی وت، لــه هه‌نــدێ ناوچــه‌ی وڵاته‌كه‌ماندا منداڵان له مافی خوێنــدن بێبه‌شــن، ئایــا ده‌كرێت ئێــوه هۆكــاری ئــه‌و بێبه‌شكردنه باس بكه‌ن.

سایه: ده‌وڵه‌ت قوتابخانه‌ی له زۆر گونددا دروست نه‌كردووه، بۆیه منداڵانیان بێبه‌شن له خوێندن.

ئه‌له‌ند: له هه‌ندێ ناوچه جه‌نگ قوتابخانــه‌كانی وێرانكــردووه‌و منــداڵان نــاوێرن بچن بۆ خوێندن.

گۆڤه‌نــد: بــه‌هۆی خراپــی بــاری ئابووریيــه‌وه خێزانــه‌كان ناچــارن كــه كــار بــه منداڵانیان بكه‌ن.

مامۆستا: ئه‌وانه‌ی ئێوه ده‌یڵێن هه‌مووی راسته، هۆكــاری دیكــه‌ش هه‌یــه، وه‌ك هه‌نــدێ لــه باوكــان هێشــتا باوه‌ڕیــان بــه خوێنــدن نییــه‌و بــه زۆر منداڵــه‌كانیان لــه خوێندن ده‌رئه‌هێنن یان هه‌ر نایانخه‌نه به‌ر خوێندن..

پاشان مامۆستا وتی: ئه‌ی به رای ئێوه چاره‌سه‌ره‌كان چین؟:

١-

٢-

٣-

٤-

ئه‌م ده‌قانه بخوێنه‌ره‌وه‌و جارێك له ده‌فته‌ره‌كه‌تدا بیان نووسه‌ره‌وه:

* ده‌بێت هه‌موو منداڵێك مافی خوێندنی بۆ دابین بكرێت و به‌هیچ جۆرێك لێی زه‌وت نه‌كرێت
* هه‌موو كه‌سێك مافی فێربوونی هه‌یه‌و ده‌بێت به لایه‌نی كه‌مه‌وه قۆناغی سه‌ره‌تایی خوێندن به خۆڕایی‌و ته‌وزیمی بێت.

# ڕێزگرتنی مافی یەکتری و پێشێلنەکردنی

شوێن/ شانۆی قوتابخانەیەك.

قوتابییەکان لە هۆڵەکەدا بەرامبەر بە شانۆکە دادەنیشن..

هەندێ قوتابی لەسەر شانۆکە بەناوی گیانلەبەرانەوە بەمجۆرە شانۆگەرییەك پێشکەش دەکەن:

شێر: لە ئێستا بە دواوە پێویستە ڕێز لە مافی یەکتری بگرین....نابێ هیچ گیانلەبەرێکی گۆشتخۆر مافی گیانلەبەرە وردەکان پێشێل بکات.

پڵنگ:

ئەی شێر ئەو قسانەی تۆ پێچەوانەی دابو نەریتی گۆشتخۆرەکانن، هەروا باو بووە گۆشتخۆرەکان ڕاوی گیانلەبەرە وردەکان و نێچیرەکانی وەك ئاسك و گەلێکی تری لەو بابەتانە بکەن، تا بتوانن ژیانیان دابین بکەن.

من بە ناوی سەرجەم گۆشتخۆرەکانەوە داوات لێ دەکەم لەم بڕیارەت پاشگەز بیتەوە!

گورگ:

ئەگەر وابێ... هەموو گیاندارە وردەکان سەر بەرز دەکەنەوەو داب و نەریت دەشێوێ و بژێویمان نامێنێ و دەست بۆ هەر گیاندارێك بەرین هاوار دەکاو دەڵێ: ئەوە مافم پێشێل دەکەن!!

سەگ هەڵدەداتێو دەڵێ:

جەنابی شێر خۆی لە چینی گۆشتخۆرانە ! ئیتر نازانم بۆ باسی شتێك دەکات کە زیانی خۆی و چینەکەی تێدایە؟!...پاشان دەڵێ: ئێستا با نۆرە بێتە سەر جەنابی ڕێوی، کارناسی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە...

ڕێوی ... دەچێتە پشت بڵندگۆکەوەو دەڵێ:

ڕێزدارینە ..کۆمەڵناسە گەورەکان پێیان وایە گیانلەبەران بە پێی شوێنی

جوگرافییـان لــه ڕووی هــۆش‌و پێکهاتــەی لەشــەوە جیـاوازن ... پێیـان وایــە پەروەردەبوونی ڕۆژئاواییەکان جیاوازە لە پەروەردە بوونی ئەفەریقاییەکان!
بەو پێیە گۆشتخۆرەکان بە گەورەی گیانلەبەرەکانی تر دەژمێردرێن...
ڕاگەیاندنی مافی گیانلەبـەران بـەو شـێوەیەی کـە شـێر داوای دەکـات پێچـەوانەی مافی گۆشتخۆرەکانە ! ...
من پێم وایە ئەو قسەیە لەسەر جەنابی شێر دەکەوێت ! دوور نییـە ببێتـە مایـەی سەر تێداچوون! کە ڕێوی لـێ دەبێتـەوە ... شـێر دەچێتە پشـت بڵندگۆکـەو بـە توانجەوە لەسەر دوا قسەکانی ڕێوی دەڵێ:
من زۆر باش دەزانم چی دەڵێم! هەرگیز لەکونی خۆم هەڵناگەڕێمەوە : لەبەر ئەوە گەڕنابم!...
پاشان دەڵێ: من دڵنیاتان دەکەم ئـەو قسـانەی مـن پـەکی کـاری ئێـوە ناخـەن، ئێوە لەسەر ڕەوشتی خۆتان بـەردەوامبن ...ئـەو قسـانەی مـن هێشـتا نەبوونەتـە یاسا! هیچ گیانلەبەرێك ناتوانێت بە بیـانووی ئـەو قسـانەی منـەوە داب و نـەریتی گۆشتخۆرەکان تێك بدات!
درێژەی دەداتێ‌و دەڵێ: ئەگەر ئـەو قسـانەی مـن بشـبنە یاسـا ئێـوە هـەر لەسـەر دەستووری خۆتان بەردەوام بن.. دەبێت بزانن ... لە یاسا نووسراوەکاندا بەنـدێك هەیە دەڵێت:
( پاراستنی بەرژەوەنـدیی مـافی هـەموو گۆشـتخۆرەکان بـە هـەر جۆرێك پێویسـت بێـت) هەنـدێ کـار دێنــە نـاوەوە، لەگــەڵ یاســای نووســراودا جــووتن... بــەلام پێچەوانەی یاسا نەنووسراوەکانن! لە کاتێکی وادا دەبێت دەوڵەت پەنا بەرێتە بەر یاسا نەنووسراوەکە، بۆ نموونە : یاسـای نووسـراو مـافی مـانگرتن وخۆپیشـاندانی داوە ...بەلام بە پێی یاسای نەنووسراو پـۆلیس تێیـان بـەردەبێت‌و بلاوەیـان پـێ دەکات!!
ئێستا پێم باشە پێتان بڵێم بۆچی مافی گشتیی گیانلەبەرانمان ڕاگەیاند!..

وەك دەزانن، كاتی خۆی بە ناوی گشت گیانلەبەرانەوە یاسایەك پەسەند كراو راگەیەندرا. هەرچەندە یاسایەكی گشتی بوو، بەلاّم گۆشت نەخۆرەكان قۆستیانەوە، بە سوودی خۆیان لێكیان دایەوەو ئێمەیان بە دژی مافەكانیان دانا !...

ئێمە نەمانتوانی نە ئەو یاسایە بگۆڕینو نە هەڵیوەشێنینەوە، لەبەرئەوە لە دژی ئەو كارەی ئەوان، بەگشتی مافی گیانلەبەرانمان راگەیاند ...

ئێمە لە ڕووی تێورییەوە ڕێز لە یاساكان دەگرین و بە راستیان دەزانین ....

بەلاّم لە كردەوەدا بە سوودی خۆمان لێكیان دەدەینەوە !..

لە كۆتاییدا دەڵێ: ئەمەیە شێوەی مافی گشتی .. پێتان پەسەندە، یان نا؟...لەبەرئەوەی چینی گۆشتخۆرەكان پێیان پەسەند بوو، پێویستی بە ڕا وەرگرتنیان نەكرد، پاشان قازێك بە نوێنەرایەتیی قوڵنگ و مراوی و مریشك دێتو دەڵێ: من گلەییم لە ڕێوی هەیە، تا ئێستا چەند جار ڕێك كەتووین كەس مافی كەس پێشێل نەكات، كەچی ئەو هەر پەلامارمان دەدات و دەمان خوات !.

شێر: ئەم قسەیە ناچێتە ئەقڵەوە .! ئێوە باڵدارن و ئەفرن، ئیتر چۆن ڕێوی دەتوانێ بتانگرێو بتانخوات !.....

قاز: خۆ ئێمە هەمیشە بە ئاسمانەوە نیین.

شێر: كە دەنیشنەوە بە سەر ئاودا دەگەڕێن ..ڕێوی مەلەوان نییە تا لە ناو ئاودا پەلامارتان بدات !

قاز تووڕە دەبێو دەڵێ: ئێوە وەك پارێزەری ڕێوی قسە دەكەن !.. بەقسەی ئێوە ئێمە، یان لە حەواوە، یان لە ناو ئاودا هێلكە دەكەین و هەرگیز نایەینە سەر زەوی!

ڕێوی خۆی دێتە زمانو دەڵێ:

نـەخێر ئێمـە ئـەوانمان خـۆش دەوێـت.... ئێمـە بـۆ سـەرین حەزلـە پـەرو پۆیـان دەکەین، کە دەچین داوایان لـێ دەکەین، ڕادەکەن و یارمەتیمان نادەن !

شێر: کەواتە ئێستا لە یەکتر تێگەییشتن ....بـا ئـەوان بـەڵێن بـدەن پـەرو پۆتـان بدەنێ... ئێوەش بەڵێن بدەن هەر باڵندەی جارێك پـەروپۆی لێبکەنـەوە.. ڕێـوی بزە دەیگرێو قاز فۆرمەکە پەسەند دەکاتو دەڕوات..

بەران بە نوێنەرایەتیی مەڕو بزن دێتە ژورەوەو دەڵێ:

ئێمە لەگەڵ گورگدا دۆستایەتی دەکەین... ئەوان دۆستایەتی نازانن!

شێر: ئەوان گۆشتخۆرو ئێوە گیاخۆر، ئیتر بۆچی نێوانتان باش نییە!؟...

بەران: ئەوان تەماعدەکەنە گۆشتی ئێمە.

گورگ دێتە دەنگو دەڵێ: بە پێچەوانەوە ! ئەوان زوڵم لە ئێمە دەکەن ! لە کەژو کێویش وازمان لـێ ناهێنن! ئەوان شوانیان لە گەڵدایە، بە سەگ و تفەنگ ڕاومان دەکەنو دەمانکوژن! ئەوان بە زستان کـەوڵی گـەرمیان لـە بەردایـە: ئێمـە داوای کەوڵێکیان لـێ دەکـەین بـۆ ئـەوەی ڕەق نەبینـەوە، کەچـی ئـەوان شـوان و سەگمان تێ بەردەدەن.

شێر: بە ڕاستی بێ ئینسافییە، هەر پەزەی کەوڵێکی لـێ بکەنەوە ...

بڕیار دەدرێتو بەران فۆرم پەسەند دەکاتو دەڕوات..

پاشان نوێنەری تیرەی مەیموون دێتە ژورەوەو دەڵێ:

من ئەم فۆرمەم لا دروست نییە ! وا سازکراوە هەروەك جاران زۆردار لاواز بخوات!

شێر: تۆ چۆن وا دەڵێیـت ؟ ئـەو فۆرمـە جێـی ڕەخنـە نییـە ! فـۆرمێکی ڕاسـتو دروستە !

مەیموون: بە بڕیاری کێ؟ بە بڕیاری زۆرداران! ! دەبێت ئەو فۆرمـە بـەجۆرێکی وا ساز بکرێت ...نەبێتە پەت بۆ خنکاندنی لاوازان !

پڵنگ کە گوێی لەم قسانە دەبێ ... دەیەوێ بە پێی یاسـای نەنووسـراو پـەلاماری

بدات و لەتوپەتی بکات ..مەیموون خێرا بە بازێك دەچێتە سەر دارە بەرزەکەی نزیکی.

گورگ بە ڕێوی دەڵێ: بچۆ بیهێنەرەوە، کارەکەمان لێ تێك دەدات، ئەگەر نەهاتەوە، بە قسە بیخڵافێنە، تا پۆلیسی دژی خۆپیشاندان دەگەنە ئێرە.

ڕێوی دەچێتە بن دارەکەو دەڵێ: ڕێزدار، وەرە خوارەوە با دوو قسە لەگەڵ یەکتری بکەین.

مەیموون: ڕێزدار نیم و نایەمە خوارەوە ! من لە مێژە تۆ دەناسم ! !..

لەو کاتەدا پۆلیسی دژی خۆپیشاندان دەگەنەجێ، دارەکە دەدەنە بەر دەمانچەی گاز.. مەیموون گێژ نابێ‌و ناکەوێتە خوارەوە..

ئینجا دەست دەکەن بە پرژاندنی ماددەی توێکڵە مۆز.. کە مەیموون لەسەر دارەکەوە ئەوان دەبینێ باز دەداتە سەر لقە دارێکی تر .....

مەیموون ئەوەندە ئەم دارو ئەو داریان پێ دەکات تا وای لێ دێ بندارەکان پڕدەبن لەگازو لینجی‌و خلیسکی ... گۆشتخۆرەکان خۆیان گێژ دەبن و دەخلیسکێن و دەکەون.

❁❁❁ ❁❁❁ ❁❁❁

پاشان مامۆستا بە قوتابییەکانی دەڵێت:

بێگومان ئەم شانۆگەرییە سۆزو بەزەیی و ڕقو هەستی هەژاندوون.

ئێستە من هەندێ پرسیارتان لێ دەکەم ... پێم باشە پرسیارەکان لای خۆتان بنووسن، لەماڵەوە لەگەڵ کەسوکارتانداو لەگەڵ هەرکەسێکدا کە بەباشی دەزانن، وەڵامی پرسیارەکان ئامادەبکەن و پاشان کە وەڵامەکانتان هێنایەوە ... هەریەکە، یان نوێنەری هەر گروپە دێت‌و لەبەردەم قوتابییەکاندا وەڵامەکانی دەخوێنێتەوە.

## چالاکی:

- بۆچی شێر یاسای مافی گیانلەبەرانی بەگشتی ڕاگەیاند؟
- ئایا بیستووتە یاسایەك بەناوی مافی مرۆڤەوە هەبێت؟
- ئایا دەتوانیت بـەهۆی خێزانەکـەت و کەسـانی تـرەوە هەنـدێ لـە بەنـدەکانی مافی مرۆڤ بڵێیت؟
- بـەلای تـۆوە ڕاوکردنـی باڵنـدەکان و گیانلەبـەرانی تـر پێشـێلکردنی مافی ژیان نییە؟
- تۆ وەك قوتابییەك، هەست دەکەیت هەندێ مافی قوتـابی لـە قوتابخانەکانـدا پێشێل بکرێن؟
- چەند نموونە دەزانی بیلێ.
- کاتێك کە تۆ بەهێزیت، ئەکرێت مافی هاوڕێیەکی لاوازت پێشێل بکەیت؟
- بـەڕای تـۆ، ئایـا دەگـونجێ کەسـانی جـۆراو جـۆر بەیەکـەوە بەئاشـتی و ئاسوودەیی، دوور لەتوندو تیژی ژیان بەسەر بەرن؟

....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
....................................................................
...................................................................